# کۆمەڵێك حەیوانات..!

**نورەدین وەیسی**

نیوە شەوێکی مات وبێدەنگ بوو هەولمدا بنووم خەوم لێنەکەوت،لە نێو جێگا هەستام وچوومە سەرکۆمپیوتەر ، وەك هەموو جارێ تەماشایەکی وێبسایتی رۆیتەرزم کرد وئەم هەواڵە سەرنجی راکێشام (حکومەتی تایوان داوای لێبوردن لە حەوت وڵاتی ئەفریکایی دەکا) ئیدی دەستم کرد بەخوێندنەوەی ( پاش ئەوەی وەزارەتی دەرەوەی تایوان گەشتێکی بۆ حەوت دیپلوماتکاری ئەفریکایی ریکخست ،لەچێشتخانەیەکدا میوانداری کردن بەر لەوەی دەست بەخواردن بکەن وێنەی سەر پەرداخەکانی مێزەکە سەرنجی دیپلوماتکارێکی راکێشاو دەمودەست هاوکارەکانی لێ ئاگادار کردەوە ، وێنەکە پیاوێکی چاخە سەرەتاییەکان بووکەلەنێو کۆمەڵێك ئاژەڵدابوو لە لەژێر وێنەی پیاوەکەدا نووسرابوو مرۆڤێکی ئەفریکایی،هەربۆیەش دیپلۆماتکارەکان ئەمەیان بە سووکایەتییەکی گەورە زانی وبە تووڕەییەوە شوێنەکەیان بە جێهێشت ونارەزایەتیی نامەیەکیشیان ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەکرد کە حکومەتی تایوانی ناچار کردبەرەسمی داوای لێبوردن بکات).

پاش چاوخشاندن بەچەند هەواڵێکی رۆیتەرزدا چوومە سەر وێبسایتی حەفتەنامەی میدیاوسەیری ژمارە 186م کردو لاپەڕە بەلاپەرە پێیدا چووم،لەلاپەڕە هەشتداریپۆرتاژێك بەنێوی (بۆچی دەڵێن هەولێرییەکان فەقیرحاڵن؟)سەرنجی ڕاکێشام وچەند دێرێکم لێ خوێندەوە،زۆری نەبرد دەتگوت حەبی ڤالیۆمیان داومەتێ باوێشکە گرتمی وخەریکبوو لەسەر کورسیەکە خەوم لێبکەوێ تالەپڕ گەیشتمە سەر چەند قسەیەکی فەرهاد پیربالّ ئیدی وەك بڵێی ئاوێکی ساردو کەللە تەزێنیان پێداکردبم ڤیت بوومەوەوچاوم زەق وئەبلەق بوون ،دووجارم خوێندنەوەو گوتم رەنگە چاوم رەشکەوپێشکەی کردبێت ،ئاخر باوەڕم نەدەکرد مامۆستایەکی زانستگەو(رۆشنبیر!!)ودنیا دیتەیەك هێندە تاریکبیرو راسیست بێ وبڵێ ( من لەپاریس بووم فەرەنسییەکان چۆن تەحەمولی ئەو هەموو مەغریبی وتونسی وجەزائیری وئەفریقی وتورکی و ئەرمەنییە دەکەن، فەرەنسیەك لەناو پاسدا دانیشتووە ویەکێك لەتەنیشتیەتی دەڵێی مەیموونە لەئەفریقا هاتووە، ئەوەی لای چەپی دەڵێی سەیە، ئەوەی بەرامبەری دەڵیی بزنە ،کۆمەڵێك حەبوانات لە دەوروبەری ئەو فەرەنسییە دەبینی)!!!!!!!!.

فەرهاد (کە خۆشبەختانە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا شکستی خوارد) ئەگەرچی چەند ساڵێکیش لەفەرەنسای لانکی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ خوێندوویەتی وناسنامەی فەرەنسیشی لەباخەڵدایە،کەچی نەك هەر فێری ئەوە نەبووە بەشێوەیەکی یەکسان سەیری مرۆڤەکان بکا بەڵکو خەڵکی نارۆژئاواییشی پێ مەیموون وسەگ وبزن وحەیواناتە ،لەکاتێکدا لەنێو ئەو رۆژهەڵاتیانەی لەئەورووپاو باکووری ئەمریکادا دەژین دەیان بلیمەت وداهێنەریان لێ هەڵکەوتووە ، هەر لەوانەی لە فەرنسا دەژین وفەرهاد بە بزن وسەگ و مەیموون وحەیواناتیان دەزانێت دەیان بیرمەندو ڕووناکبیری گەورەی وەك عەفیف ئەخزەر وفاتیمە مەرنیسی ومحەممەد ئەرەگۆن وجۆرج تەڕابیشی ودەیان رۆشنبیرو هونەرمەندی ئەفریکایی دەژین،دڵنیام ئەگەر حکومەتی فەرەنسی ئەو قسانەی فەرهادپیربالّی هاوڵاتییەکەی ببینێت یەکسەر راپێچی بەردەمی دادگای دەکا چونکە ئەم بۆچوونە پاشڤەڕۆیانە لەفەرەنساو زۆربەی وڵاتە رۆژئاواییەکان قەدەخەن وخەڵکیان لەسەر دادگایی دەکرێت ، لێرەشەوە داوا لە رۆشنبیرانی کوردو بەتایبەتیش هەولێر دەکەم کەبەتوندی ئەم قسانە شەرمەزار بکەن وفەرهادیش ناچار بکەن کەبە ئاشکراو بەنووسین داوای لێبوردن بکات،ئەگەر زانستگەکانی کوردستانیش زیندووبان ونەمردبان داواشم لەسەرۆکایەتی زانینگەی سەلاحەدین دەکرد کە دەستبەجێ ئەم کابرامێشك ژەنگاوییە لە هۆڵەکانی خوێندن دوور بخاتەوە..